# بنیاتی

# هونەریی

# لە شیعردا

سامان عیزەدین



ڕۆلان بارت

**چەمکی بنـیاتی هونەریی**

سەرەڕای ئەوەی زاراوەی بنیاتی هونەریی شیعر، لە ڕەخنەی ئەدەبی هاوچەرخدا بە بڵاوی بەکاردەهێنرێت. بەڵام تاکو ئەمڕۆش چەمکی ئەم زاراوەیە ڕوون نەکراوەتەوە و مەودای بەکارهێنانی دیاری نەکراوە، چونکە خودی زاراوەکە سروشتێکی نەچەسپاوی هەیەو هەمیشە لە گۆڕان و پێشکەوتندایە، بۆیەش چەمکی ئەم زاراوەیە بەپێی تێڕوانینی ڕەخنەگرەکان دەگۆڕرێت. هەندێك لە ڕەخنەگرەکان لە میانەی فۆڕمی شیعرەوە تەماشای دەکەن، بۆیە تێگەیشتنیان بۆ چەمکی بنیاتی هونەریی لە تێڕوانینی ڕەگەزەکانی فۆڕمی شیعرەوە سەرچاوە دەگرێ، هەروەها هەندێکی تریشیان بە پێی تێڕوانینیان بۆ ناوەڕۆکی شیعر لە ڕەگەزەکانی بیرو

بابەت و واتاو تێگەیشتنیان بۆ چەمکی بنیاتی شیعر سەرچاوە دەگرێ.

هەندێکی تر لە ڕەخنەگران و لێکۆڵەرەوەکان تێڕوانینیان بۆ شیعر گشتگیریە، ((واتا فۆڕم وناوەڕۆك لێك دەدەن، ڕۆڵی هەردووکیان بە هەند وەردەگرن. چونکە پێیان وایە هۆنراوە یەکێتییەکی یەکگرتووە لەنێوان فۆڕم و ناوەڕۆکدا، کە ناتوانین لەیەکترییان جوداکەینەوە ))[1].

ئەم تێڕوانینە جیاوازانە دەربارەی پەیوەندیی نێوان پێکهاتەی شیعر و پەیوەندیی لە نێوان ڕەگەزەکانی فۆڕم و ناوەڕۆك، وای کردوە کە چەمکی بنیاتی هونەریی شیعر، چەسپاوو جێگیر نەبێ، چونکە ئەم مەسەلەیە زیاتر پەیوەندی بە هەڵوێستی کەسێتی ڕەخنەگرەوە، یان ئەو ڕێچکە ڕەخنەییەوە هەیە، کە لە میانەیەوە تەماشای شیعر دەکرێ.

وشەی بنیات structure لە کۆنداو تەنانەت ئەمڕۆش، بە شێوەیەکی بەرفراوان لەسەر ئاستی جیاجیای مەعریفەدا بەکاردەهێنرێت، بە تایبەتی لە بواری زانست و مرۆڤایەتیدا، مانا لاتینییەکەی ئەم زاراوەیە ئەوە دەگەیەنێت، کە هەر لە سەرەتاوە بە مانای بیناسازی هاتووە.[2]

«بنیات وشەیەکەی کۆنی ڕەسەنە، کە لە سەرچاوەیێکی (تشریحی) (anatomical)و (ڕێزمانی)یەوە هاتۆتە کایەوە. لەم سەردەمەدا بوو بە وشەیەکی بەکارهێنراو، بە ڕادەیەك هەموو زانستە کۆمەڵایەتییەکان پەنایان بۆی برد، بە شێوەیەکی یەك لە دوای یەك، بەکارهێنانی ئەم وشەیە ئاماژە نییە تەنها بۆ بوارێکی دیاریکراو، جگە لەوەی

ماناى لێكدانەوەو تێ هەڵچوونە سەبارەت بە ناوەڕۆكى ئەو وشەيە»[3].

فەرهەنگە عەرەبييەكان لە ڕووى زمانەوانييەوە، واتاى (بنيات)يان ديارى كردووە، كە «كە ماناى بنياتيان بە پێچەوانەى وێران كردن شى كردۆتەوە. ئەم زاراوەيە لە سەرەتاوە بۆ دروستكردنى تەلارو پاپۆڕ بەكار دەهێنرا[4]. لە زمانى ئەوروپيدا لە بنەڕەتدا وشەى «بنيات (بنيە) لە لاتينييەوە وەرگيراوە (sturucture) بە واتاى بنيات (البناء) يان ئەو ڕێگەيەى كە تەلارێكى پێ بنيات دەنرێ»[5]. پاشان چەمكى ئەم وشەيە بڵاوبۆوە كە هەموو بەشەكانى پێكهاتەى دروست بوونى تەلار لە ڕووى هونەرييەوە بگرێتەوە، كە دەبێتە هۆى بەخشينى جوانى بە تەلار سازى لە ڕووى شێوەكارييەوە. وشەى بنيات لاى كورديش لە سەرەتاوە بۆ دروست كردنى خانوو بەكار هاتووە، چونكە مرۆڤى كورد بە شێوازى خۆى هەوڵى داوە خانوو بنيات بنێت. لەم بارەيەوە لە (لسان العرب)دا هاتووە «كە كوردەكان موى بزنيان لە بنياتى خانووەكانياندا بەكارهێناوە»[6] هەر بۆيەش «لە فەرهەنگە كوردييەكاندا، ماناى بناغەدانان و خانوو دروستكردن دەگەيەنێت»[7].

تا ئێستا ئاشكرا نەبووە ياخود ڕوون نەبۆتەوە كە مەبەست لە بنيات لە ئەدەبدا چييە، ياخود ڕاستتر مەبەست لە بنياتى شيعر چييە ؟ چونكە بنيات تا ئەمڕۆ لە قۆناغەكانى سەرەتادايە سەرەڕاى چەند بەدەست هێنانێكى باش لەو بوارەدا.ديارى كردنى پێناسەيەك بۆ بنيات هێشتا نەهاتۆتە ئاراوە، كە بێ كەم و كوڕى و تەواو بێ و واتا مەوداى چەمكيى ڕاستەقينەى بنيات شى بكاتەوە.

بابەتى بنياتى هونەريى لە ئەدەبى ڕۆژئاوادا، بە شێوەيەكى بەر فراوان لەسەرەتاى سەدەى بيستەمدا سەرى هەڵدا. بەڕادەيەك يەكێ لە گرنگترين ڕێبازە ڕەخنەييە نوێيەكانى ئەدەب ناوەكەى لە چەمكى بنياتى هونەرييەوە وەرگرت. كە مەبەستمان لەو ڕێبازە نوێيە، ڕێبازى بونيادگەرييە. كە دەنگ دانەوەيەكى فراوانى لە ڕۆژئاوادا دايەوە.

پاشان ئەم شەپۆلە گەيشتە ڕەخنەى عەرەبى هاوچەرخ و لە ڕێگەى هەندێ لێكۆڵينەوەو وتارەوە ئەم ڕێبازە هاتە نێو ڕەخنەى ئەدەبى كوردى نوێوە، ڕەخنە گرانى بونيادگەرى، لە بارەى چەمك و پێناسەى بنياتى هونەرييەوە هەندێك بۆچوونى جياوازيان هەيە «لەوانە (دورپى بايش سلين) پێناسەى بنيات بەم شێوەيە دەكات كە دەڵێت: بنيات كۆمەڵە مەرجێكە كە پەيوەندييەك ئەيانبەستێتەوە بە يەكتريەوە، مەرجەكانيش بە بەردەوامى ديارى دەكرێت بەبێ گوێدان بە ڕوودانى گۆڕانكاريەكان، بەڵام بياجيە واى پێناسە كردوە كە، سيستەمێكە لە گۆڕانكارييەكان، هەروەها «رولان بارت» پێناسەيەكى جياواز بۆ بنيات پێشكەش دەكات كە دەڵێت: بنيات وێنەيەكى ناتەواوو شێوێنراوى بابەتەكەيە. لەوميانەيەوە بۆمان دەردەكەوێت كە پێناسەكانى بنيات زۆرن و لەيەكتر جياوازن[8].

بەم شێوەيە دەردەكەوێت كە چەمكى زمانەوانى بۆ زاراوەى بنيات لە زمانى كوردى و عەرەبى و ئەوروپيدا لە يەكتريەوە نزيكن، زمانەوانە عەرەبەكان پێيان وايە ((كە پەيكەرى جێگير بۆ شتێك دەگەيەنێت، پەيكەر سازەكان لە بارەى بنياتەوە وتوويانە، بنيات بەرامبەر شيكردنەوە دێت، كە پێيان وايە بنيات لێكدان و دارشتنەوەيە))[9].

بەكارهێنانى ئەم وشەيە لە چوارچێوەى بنياتى هونەريدا ئەوە دەگەيەنێت كە ((مەدح بنياتە، داشۆرين بنياتە، هەموو بنياتێك بنيات نييە، هەروەكو (ابن قتيبە) پێى وايە))[10]. بنياتى شيعر لاى ئيبن تەباتەبا ((بە ماناى دارشتن و پێكهاتەو ڕێكخستن هاتووە))[11]. شاعير هەوڵ دەدات بنياتى شيعرەكەى ئەو مانايە بگەيەنێت كە دەيەوێت بنياتى شيعرەكەى پێ بنيات بنێ، كە لە هزرى شاعيردايە، چەمكى بنيات بە واتاى دارشتن و پێكهاتن و دارشتنەوە لە لايەن ڕەخنەگرانەوە دووبارە بۆتەوە، بيرو بۆچونيان لە چوارچێوەى ئەو واتايە دەرناچێت، هەروەكو «الامدى و الحاتمى» باسيان كردووە[12]. «ابن الرشيق القيروانى» ئاماژەيەكى تر بۆ بنيات دەخاتە ڕوو بەوەى كە ((بنيات بەندە لەسەر پەيوەندييەكانى بەشەكانى هۆنراوە بەيەكتريەوە. لەگەڵ ئەوەدا نييە كە شيعر سەرجەم دێرەكانى لەسەر يەكترى بنيات بنرێ، بەڵكو پێى باشە كە هەموو دێرێك بە تەنها خۆى واتا بدات، بەبێ ئەوەى پێويست بە پێش و دواى خۆى هەبێ))[13].

هەروەها «عبدالقاهر الجرجانى» بايەخى بە واتاى بنيات داوە لە دروست كردنى پەيوەندى لە نێوان واتاى وشەكان و پشت بەستن بە هەموو بەشێك لە دەستەواژەيەك بە بەشێكى ترەوە، كە ياسايەك و ڕێكخستنێك لە ئاخاوتندا نييە تاكو پەيوەستيان بكات پێكەوە و لەسەر يەكترييان بنيات بنێ[14].

بۆمان ڕوون بۆوە، كە ڕەخنەگرانى كۆن لە بەكارهێنانى زاراوەى بنياتدا واتاكەيان لە مەدلولى فەرهەنگييەوە وەرگرتوە، كە زياتر لە بازنەى واتاييدا دارشتنى مادى و وابەستە بە تەلار سازى و دروست كردنى پاپۆڕ، گواستراوەتەوە بۆ نێو جيهانى ئەدەب.

بەكارهێنانى جۆراوجۆرى زاراوەى بنيات لە لايەن ڕەخنەگرە كۆنەكانەوە، لەگەڵ بۆچوونى ڕەخنەى نوێ

یەك ناگرێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دژی ناوەستێ. بەڵام هەندێ ئاماژە پێدان و روون کردنەوە لە لایەن رەخنەگرەکانەوە خراوەتە روو، بەشێوەیەك لە شێوەکان لەگەڵ هەندێ چەمکی رەخنەی نوێ یەکدەگرنەوە.. ((نظم الكلام و رێکخستن و بنیاتی هەندێکیان لەسەر هەندێکیان کە رێك وەکو بۆچوونی عبد القاهر الجرجاني یە کە لەو بارەیەوە دەریبریوە، هەمان ئەو بۆچوونانەی رێبازە رەخنەییە نوێکانە کە لەبارەی پەیوەندیو نزیکایەتی لە نێوان دەربڕینەکاندا هەیە))[15]. بەکار نەهێنانی زاراوەی بنیاتی هونەریی لە لایەن رەخنەگرە کۆنەکانەوە وەکو زاراوەیەکی بەکارهاتوو لە نێو لێکۆڵینەوەی رەخنەی نوێدا ئەوە ناگەیەنێت کە بایەخیان بە بنیاتی هونەریی هۆنراوە نەدابێت. بەڵکو لەسەر بنیاتی هونەریی توێژینەوەیان ئەنجام داوە، بەڵام جیاواز لەم لێکۆڵینەوە نوێیانەی ئەمڕۆ دەکرێن. هەروەها تێگەیشتنی هەندێك لە رەخنەگرە کۆنەکان بۆ بنیاتی هونەریی هۆنراوە، نزیك دەبێتەوە لە تێروانینی رەخنەی نوێ لە بارەی ئەو چەمکەوە.

لێکۆڵینەوەی بنیاتی هونەریی شیعر ناتوانرێت بهێنرێتە دی ئەگەر لە پەیوەندیی نێوان رەگەزەکانی پێکهاتەی شیعر نەگەین. ئەم رەگەزانەش ئەگەر رەگەزی روخساری شیعر بوون، وەکو زمان و ریتم و وێنە، یاخود ئەگەر رەگەزەکان بابەتیانە بوون کە پەیوەندییان بە ناوەرۆکەوە هەیە وەکو بیرو بابەت، ((چونکە بنیات چەمکێکە ناوەرۆك و شێوە بە بڕی رێکخستنیان بۆ ئەنجامدانی مەبەستە ئستاتیکییەکان دەگرێتەوە))[16].

بەم شێوەیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە چاکتر وایە یەك لایەنە نەڕوانینە بنیاتی هونەریی شیعری نوێ، چونکە (ئەم رەگەزانە تەنها و سەربەخۆ نین بەڵکو بەڕایەڵەیەکی پێکەوە گرێدراوی هونەری پێکەوە بەستراون کە خەسڵەت و سیمای نوێ دەگرێتە خۆی، بۆیە پێویستە بە چاکی لە پەیوەندی نێوانیان بگەین، کە هەریەکێکیان تەواو کەری ئەوی تریانەو ناتوانین لە یەکتریان جیا بکەینەوە)[17]. لەسەر ئەو بناغەیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بنیاتی هونەریی شیعر لێکۆڵینەوە لەسەر بنیاتی دەستەواژەکان و وێنەو ریتم و بیرەکان و پێکهاتەی زمانەوانی دەگرێتە خۆی، پێویستە لێکۆڵەر بەئاگا بێت لەوەی ئەگەر لێکۆڵینەوەکە تایبەت بێ بەبەشێکی سەربەخۆی ئەو لایەنانە، ئەو کاتە کەڵێن دەخاتە یەکێتی کارە هونەرییەکەوە.

ئەم راستیە ئەوە دەگەیەنێت کە یەکێتی کارەکە مەرجێکی گرنگە بۆ سەرکەوتنی پەیڕەوکردنی میتۆدێکی رەخنەیی بۆ پرۆسەی شیکردنەوەی شیعر لە میانەی بنیاتی هونەرییەوە، چونکە یەکێتی کارەکە وەکو بەشێکی بنیات وا دەخوازێ کە پابەند بێ بە هەموو هۆنراوەکەوە، لە رەگەزەکانی و پارچەکانی و ئەو پەیوەندییەی لە نێوان ئەم رەگەزانەو پارچەکانیدا هەیە، هەروەها شیکردنەوەی شیعر بەبێ بوونی وەکو یەکەیەکی گشتگیر (لە مێژووی رەخنەی ئەدەبی جیهانیدا گەلێك رێباز دەبینن کە لە پرۆسەی شیتەڵ کاری و شیکردنەوەی شیعردا هەوڵیان داوە بنیاتی شیعر دەست نیشان بکەن، کە هەندێکیان بوونەتە دیاردەی رەخنەیی))[18]. بەڵام نەیانتوانیوە لایەنی گرنگی شیعرییەت، وەکو مامەڵەکردن لەگەڵ رەگەزەکانیدا بپارێزن

شیعری رەسەن، ئەوجۆرە شیعرەیە، کە کاریگەریی لەسەر هەستونەستو ئەندێشەی مرۆڤـ هەبێو لە رووی بنیاتی پێکهاتەییەوە، بە هێزو سەرنج راکێش بێو سەرجەم بنیاتەکانی لەرووی ناوەرۆكو شێوەوە تێدا بەرجەستە بوو بێت.ئەو شیعرەی کە ئەبێتە ئەو دەقەی خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی هەمەجۆرو جیاوازی لەسەر درووست دەبێ،دەچێتە خانەی جۆرێك لەو شیعرانەی کە لایەنی هونەریی بەهاداری تێدا بەرجەستەکراوە، چونکە ئەو جۆرە شیعرانە لای رەخنەگران بایەخی دەبێو بە گەلێ شیکردنەوەو لێکدانەوەی جۆراوجۆر رەهەندەکانی دەست نیشان دەکرێت.

شیعر بابەتێکی یەکگرتووی هەیە، چ لە رووی شێوەوە، چ لەرووی ناوەرۆکەوە، هەموو ئەوبنیاتانەی کە لە شێوەو ناوەرۆکی شیعردا رۆڵ دەبینن، پێکەوە بنیاتێکی یەکگرتوو دروست دەکەنو شیعرییەتی تێدا بەرجەستە دەبێت.

بنیاتی هونەریی لە شیعردا، شێوازێکە بۆ دۆزینەوەی ماناو گەیشتن بە ناوەرۆکی شیعر، بە مەرجێك رەگەزەکانی چڕوپڕو هاوپەیوەست بن، ئەو کاتە ئەو شیعرە دەچێتە خانەی شیعرییەوە لەنێو دنیای شیعرییەتی شاعیردا بە نەمری دەمێنێتەوە. ((بنیات واتە سیستەم، لە هەر سیستەمێکدا، هەموو بەشەکان بەیەکەوە بەستراون، بەشێوەیەك کە کاری هەر بەشێك بە سەرجەم بەشەکانی سیستەمەکەوە بەستراوەتەوە... لە هەر سیستەمێکدا هیچ بەشێك ناتوانێت لە دەرەوەی بەشەکانی سیستەمەکە هەبێت))[19]. جگە لە بەهرەی خۆرسکیی شاعیرییەت، ئەزموونی شیعریی شاعیر، رۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە بنیاتی شیعرەکانیدا، چونکە هەرچەندە شاعیر قاڵبووی شیعر نووسین بێو هۆکارە دەرەکیو ناوەکییەکان سەرچاوەی شیعریی شاعیر بن، ئەوەندە زیاتر شاعیر بایەخ بە تەکنیکی شیعرەکانی دەداتو بەرهەمو دەقێکی بەهادار پێشکەش بە خوێنەر دەکات.

**جۆرەکانی بنیاتی شیعر**

لە پرۆسەی شیعر نووسیندا بنیاتی جۆراوجۆر هەیە، بەڵام مەرج نییە ئەو بنیاتانە هەموویان هونەری بن، بەڵکو تەنها هەندێکیان دەتوانن ڕۆڵی هونەریی خۆیان بگێڕن.

ڕەخنەگرانی بواری شیعر، دوو جۆری سەرەکی بنیاتی شیعرییان دەستنیشان کردووە:

**یەکەمیان**: بنیاتی بابەتییەو پەیوەندیی بە ناوەڕۆکی شیعرەوە هەیە.

**دووەمیان** : بنیاتی هونەرییەو پەیوەندیی بە فۆرمی شیعرەوە هەیە، کە زیاتر ئەو جۆرە بنیاتە تەکنیك بە شیعر دەبەخشێت، چونکە تەکنیکی شیعر زیاتر پەیوەندیی بە فۆرمی شیعرەوە هەیە.

بنیاتی هونەریش لەڕووی گرنگیو بایەخەوە دەبێت بە دوو بەشەوە :

**یەکەم**: بنیاتی ڕاستەوخۆ :

ئەو جۆرە بنیاتەیە کە بۆ شیعر پێویستەو شیعر بەبێ ئەم جۆرە بنیاتانە فەراهەم نابێت، چونکە ڕاستەوخۆ بەشداری لە بنیاتی شیعردا دەکات، وەکو (زمانی شیعریو وێنەی هونەریو ڕیتمو بابەت ).

**دووەم**: بنیاتی ناڕاستەوخۆ :

ئەوجۆرە بنیاتەیە، کە بوونی لە شیعردا دەچێتە قاڵبی جوانکاریو ڕازاندنەوەی شیعرەوە، نەبوونیشی کار لە ڕەسەنایەتیی شیعر ناکات، هەروەها بوونیشی هۆکارێکە کە بەهای جوانیی و سەرنج ڕاکێشی لەلای خوێنەر سەقامگیر دەکات، وەکو (دراما، چیرۆك، شانۆ... هتد ).

لەپرۆسەی ڕەخنەدا لەڕووی داڕێژەی زانستیانەی شیعرییەوە، بنیاتی شیعر - بەپێی مێژوو سەرهەڵدانی- بەم جۆرەی لای خوارەوە دەستنیشان دەکەن :

**یەکەم**: لەو ڕوانگەیەوە لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕەخنەو لێکۆڵینەوە لەسەر شیعر، ڕەخنەگران بەگشتی باسی بنیاتی شیعرییان کردووە، شیکردنەوەوهەڵسەنگاندنی تەکنیکی شیعرییان لەڕووی فۆرمو ناوەڕۆکەوە پیادەکردووە، ئەم جۆرە بنیاتە گشتییەو هەموولایەنەکانی شیعر دەگرێتەوە واتا ئەوبنیاتەی لەپێکهاتەی فۆرمو ناوەڕۆکدا بەشدارن.

**دووەم** : لەگەڵ گەشەسەندنی ئەدەب و پێشکەوتنو ئاڵۆز بوونی باری ژیان، شیعریش گەشەی کردووەو گۆڕانکاریی بنەڕەتی بەخۆیەوە بینیوە، بۆ ئەو مەبەستەش ڕەخنە گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا هاتووە، بە ڕادەیەك بواری بەرهەمەکەی فراوانتر بووە، بەجۆرێك تایبەتمەندێتی لەڕەخنەدا دروست بوو، بەوجۆرە ڕەخنەگران بنیاتی شیعرییان بەپێی میتۆدی ڕەخنەیی دیاریکراو، بە دوو جۆر دەستنیشان کردووە :

**یەکەم** : بنیاتی بابەتی (البنية الموضوعية):

**دووەم** : بنیاتی هونەریی (البنية الفنية):

ڕەگەزەکانی شیعر لە کۆنەوە چەسپاونو بوونیان مەرجی سەرەکییە لە پێکهاتەی شیعردا، بەڵام بنیاتەکانی شیعر چەسپاو نینو لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر بەپێی قۆناغەکەو گەشەکردنی کۆمەڵو ئەزموونی شاعیر گۆڕانیان بەسەردا دێت، هەروەها بوونیشیان مەرجێکی سەرەکییە لەچوارچێوەی شیعردا، بەڵام کە بوونیشیان نەبوو هیچ کار لە ڕەسەنایەتیی شیعر ناکەن.

فۆرم ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێ لەپێکهاتەی شیعردا، چونکە فۆرم مەرجێکی سەرەکییە بۆ بەرجەستەکردنی ناوەڕۆك، ناوەڕۆکیش لەڕووی تەکنیکەوە داخوازیی شێوەیەکی ئیستاتیکی دەکات لە شیعردا، تا پەیامو واتای خۆی بگەیەنێت،پێکەوەگرێدانی بنیاتەکانی شیعر لەڕووی فۆرمو ناوەڕۆکەوە بە شێوازێکی هونەریی جوان لەداڕشتنی شیعردا، دەبێتە هۆی پیادەکردنی تەکنیکەکانی شیعر. چونکە(( هۆنراوە لەمیانەی پەیوەندییە ئۆرگانییەکانیەوە وەکو لاشەی مرۆڤ وایە، ئەگەر ئەندامێکی لەوەی تر جیابێتەوە. لێك دابڕانی بەشەکانی هەر هۆنراوەیەك، کاریگەرییەکەی دەبێتە هۆی تێکدانی دروستیی پێکهاتەیانو سەرەنجام کەلێنێك دروست دەکاتو جوانی خۆی لەدەست دەدات ))[20].

یەکێتیی هۆنراوە، وابەستەیە بە پەیوەندیی نێوان بەشەکانیەوە، کە لە بنەڕەتدا یەکێتییەکی تێدا نییە ((ئەو پەیوەندییەی کە لە هاوشێوەی پەیوەندیی نێوان هەندێك لە ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ وەکو یەکەیەکی گشتگیر، لەئەنجامدا مرۆڤێکی تەواو پێك دەهێنێت، ئەگەر پەیوەندیی نێوان هەندێك لە ئەندامەکان لەگەڵ یەکتردا زیاتر نەبێت))[21].

یەکێتیی بنیاتو تێڕوانین بۆشیعر بە گشتی یەکێتییەك پێك دێنێت، کە(( لەلای ڕەخنەگرە کۆنەکانو شاعیران بەوە ناسراو بوو، کە تەنها ئەو هۆنراوە کۆنانەیە، کە بەبێ مەبەست لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی ڕاستەقینەو دیاردە سروشتییەکاندا سەریان هەڵداوە،وەکو هەندێك لە هۆنراوە دڵداریو چیرۆکە شیعرییەکان))[22].

لەو میانەوە ئەرکی ڕەخنەی ئەدەبی لە سەرەتای هاتنەکایەیەوە، ئەوەیە کە ((گەشە بە ڕەگەزە ڕاستییەکانی ئەدەب بدات، لەبەرئەوەی هۆکارەکانی پێگەیشتنی هونەری بەرقەرار بێت، ئەو بوارە بە ئەدەبو شیعر دەدات، بۆ ئەوەی پەیامەکەی خۆی بە باشترین شێوە بگەیەنێت))[23].

پێویستە هۆنراوە کارێکی تەکنیکیی تەواو بێتو وێناکردنی بیرۆکەو خەیاڵەکانی تێدا تەواو بکرێت، یان بیرۆکە گونجاوەکان، وەکو پەیکەرێك چۆن بە ئەندامەکانی پێك دێتو تەواو ئەکرێت، بەو شێوەیە بەشەکانی لێك نەترازێن، چونکە ((هۆنراوەی شیعریی وەکو لاشەیەکی میکانیکی وایە، کە هەریەکێکیان کاری بەشێك لە ئامێرەکانی دەکات،کە هیچ کامیان شوێنی ئەوی تریان ناگرێتەوە))[24].

ڕەخنەگرانی ئەدەب، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە هەموو پارچە شیعرێك پارچەیەکی نموونەییە، هەروەها هەوڵێکیشە کە بیرۆکەیەکمان بۆ روون دەکاتەوە،هەروەکو (سعید یقطین)ی ڕەخنەگر دەڵێت : ((هەر دەقێك لە قۆناغێکی مێژوویدا ئەنووسرێتو بەچوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیری سنووردار ئەکرێت، ناکرێت بەرهەمی هیچ نوسەرێك لەوچوارچێوەیە بەدەر بێت، هۆنراوە لەبنیاتێکی ئاماژەیی زیاتر نییە، کەخودی تاك یان کۆمەڵ لەنێوان بنیاتێکی هۆنراوەیی بەرهەم هێنراوو لە چوارچێوەی بنیاتی رۆشنبیریو کومەڵایەتی دیاریکراودا بەرهەمی ئەهێنێت))[25].

فۆرمالیستەکان کە لەسەر بنەمای زمان تیۆرەکانیان دارشتووە، هەوڵیانداوە، دەقی ئەدەبیی لە ڕوانگەو شیکردنەوەی چوارچێوەی ڕێچکە بنیاتییەکانو پێکهاتەکانی ناو کارەئەدەبییەکان نزیك بکەنەوە، ئەوە لەقۆناغی یەکەمدا، بەڵام لەقۆناغی دووەمدا ڕەخنەگر لە واتای دەقەوە بەدوای ئەو ڕێچکانەدا دەگەڕێت، کە لە واقیعی دەروونیو کۆمەڵایەتیو مێژووییەوە نزیکن، بەڵام ئەوەی سەرنجی ڕەخنەگر رادەکێشێت، ئەوەیە کە لەنێوان ئەو ئاراستانەوە، بابەتی بنیات و ناوەڕۆکی کاری ئەدەبی نیشان دەدرێ))[26].

هەرکارێکی ئەدەبیش لە چەندین ڕەگەزی بنیاتی پێك هاتووە، وەکو (دەنگ، ڕێزمان، سیمانتیك، شێواز... هتد)، بۆنمونە دابەشکردنی ڕۆمانێك بۆچەند بەشێك، ئەرکی بنیاتە ((بەڵام هەموو ئەو بنیاتانە، ئەرکێکی ئیستاتیکییان نییە، کاتێك شیکردنەوەیەکی بنیاتی بۆکارێکی ئەدەبی ئەکەین، ئەرکەکەمان پەیوەندیی بە دۆزینەوەی بنیاتێك، یاچەند بنیاتێکی گونجاوەوە هەیە، کە دەبێت ئەرکەکەی لەسەر هەر دەقێکی ئەدەبی دەستنیشان بکەین))[27].

لە تایبەتمەندییە هونەرییەکانی شیعر چڕیی شێوازەکەیەتی، کە وەکو خاڵێك یا ڕووداوێکی کاریگەر، یا بیرۆکەیەکی هونەری، یا تێڕوانینێکی تەکنیکی هەستی خوێنەر ئەوروژێنێ، لەبەرئەوە کاتێ ئەو جۆرە بیرانە ئەبن بە وێستگەیەك بۆ حەوانەوەی مێشك،یا بۆ دروست کردنی خەیاڵ ئەبن بە سنووری هزرەکانی خوێنەر، لە میانەی وشەی چڕو کورت کردنەوەیەکی خەستی چەند مانایەك))[28].

بنیاتی هونەریی لە هۆنراوەدا پێویستی بەچاوپێخشاندنەوەیەکی فراوانتر هەیە، لەبەرئەوەی پەیوەندی بەدیاردەیەکەوە هەیە، لەهەموو قۆناغێکیشدا، شێوازی تەکنیکی ئەکەوێتە ژێر کاریگەریی پێشکەوتنی جۆراوجۆرەوە، ئەو شێوازەش پێویستیی بە لێکۆڵینەوە هەیە، بەمەبەستی بەدەست هێنانی دەستکەوتێك لەقۆناغی داهاتوودا))[29].

سەرجەم ڕەگەزەکانی دەقی شیعریی، پەیوەندییەکی توندیان لەنێوان یەکتردا هەیە،هەروەها پەیوەندییەکی هاوپەیوەستییان بە گریمانەکانەوە هەیە، ئەمەش مانای وایە کە سەرجەم ئەو ڕەگەزانە بەبێ هاوکێشەی پێکەوە گرێدان نابن.دابەشکردنی ڕەگەزەکانی دەقی شیعریی، بۆ دوو بەش دەگەڕێتەوە :

ڕەگەزی یەکەم: ڕەگەزە زمانەوانییەکانە ((کە هیچ بەهایەکی هونەریی تێدا نییە))[30].

ڕەگەزی دووەم: تەنها ئەرکێکی شیعریی دەگێڕێت.

گرفتی ئەرکی شیعریش، بۆ بنەما ڕێزمانییەکانی دەقی هونەری دەگەڕێتەوە، (یاکۆبسن) لە ڕووی زمانەوە، ئەو ئەرکانە جیا ئەکاتەوە ((بەها نادیارە وتراوەکانو بەها ڕێزمانیو شێوازییە جیاکراوەکان، هەروەها شیعرڕۆڵی خۆی ئەبینێ لەوشتەی کە پێوەری شێوازی نووسینەکەیەتی، بۆیە لەبنیاتی هەر کارێکدا، جۆرە یەکسانییەك هەیە، پاشان هەردوو تایبەتمەندیی بەرانبەریی دووبارە بوونەوەی بنەما ڕێزمانییەکان ئەبنە شێوازە هونەرییەکان))[31].

بەڵام یەکێتیی ڕەگەزەکانی دەق، بەوەی کە یەکەیەکی تەواوەو لە یەکتری جیاناکرێتەوە، لەو ڕوانگەیەوە هەموو ئاستەکانی بنیاتی شیعرییەت، لەمیانەی (چۆنێتی پێکهاتەیی) فەراهەم دەبێت.

لە نوسینەوەی هەر دەقێکی شیعریدا، هەموو کاتێك سروشتێکی دوولایەنی هەیە: لەلایەکەوە دەقەکە لەچەند بەشێکی یەك لەدوای یەك پێك دێت، لەبەرئەوە لەڕیزی پێشەوە، مەبەست لەبەشە گرنگەکان ئەوەیە، کە هەندێك لەو ڕەگەزانە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە پێکهاتەی دەقی شیعریدا.لەوڕووەوە پێکهاتەی دەقی شیعریی، پێکهاتەیەکی بە واتایە، ((بەڵام ئەو بەشانەی بە یەکسانی دەردەکەون، مانای تەواوی ئەو واتایانەن کە لە هەر دەقێکی شیعریدا بەرجەستە دەبن. بەڵام پرسیارێك دەکرێت، کە ئایا ئەو مانایانە لەسەر ئاستی گفتوگۆ دەبێت، یا لە سەر ئاستی هۆنراوە، یا لەسەر ئاستی بڕگەکان دەبێت؟. بە تایبەتی

لەو دەقانەی، کە لەچەند برگەیەکدا، پارچەیەکی شیعریی پێک دەهێنن))[32].

(ئیستۆفەر) لەڕوانگەی ئەو بنەمایەوە بنەماکانی پیادەکردنی بنیاتی شیعریی وەرگرتووەو باس لە چەمکەکانی سروشتی شیعر دەکات، ئەو بنەمایانەی کە لە سروشتی بابەتی شیعرییەوە هەڵقوڵاوەو هەر لەویشەوە سەرچاوەکەی داڕێژراوە، کە بنەماکانی کۆڵەکەی شیعر لەسەر بناغەی تێگەیشتنێکی بەشی دیوی دەرەوەی سروشتی شیعر بنیات دەنرێت.

بنەماکانی کۆڵەکەی شیعرییش لایەنە هونەرییە کۆنەکانی شیعر دەگرێتەوەو هەر لەویشەوە وەرگیراوە، ((بەڵام سەرەڕای ئەوەش، لەوانەیە هۆیەکی تر ئەوە بێت، کە شیعری کۆن لاساییکەرەوەیە، بۆیە ڕەسەنیو تێگەیشتنی چەمکەکان، لەسەر بنەمای تێگەیشتنێکی تر ئەبێت بۆ سروشتی بنیاتی شیعریی))[33].

ڕەخنەگران لەو باوەڕەدان، کە شاعیرە ویژدانییەکان، پەیوەندییەکی بەردەوامیان لەگەڵ هۆنراوەی نوێدا هەیە، ئەوەی کە بنیاتی بابەتیو هونەرییەکەی لە ئاستێکی باڵادایە.

(د. زکی مبارك) دەڵێت : ((بایەخدانی شاعیرە عیراقییەکان بە شیعری میسری و ئەدەب بە گشتی، لەبایەخدانی میسرییەکان خۆیان زیاتر بوو، لەوانەیە ئەوەش ئاماژە بووبێت بۆ ئەزموونی شاعیرانی دیوان و ئەپۆلۆییەکان، هەروەها بایەخدانیان بە ئەزموونی تاراوگە لەوی پێشووتر کەمتر نییە. ئەو بایەخدانەش پێویستە وەکو هەنگاوەکانی شاعیرە عیراقییەکان بێت، کە لەڕووی بابەتیو هونەرییەوە کاریگەریی خۆی هەبێت، ئەوەش لەبەرهەمی زۆربەی شاعیرەکانی ئەوماوەیەدا زۆر ڕوونە))[34].

نمونەکانی سەرەوە بەڵگەن لەسەر ڕادەی کاریگەریی ئەو بزووتنەوە نوێیانەی شیعری جیهانی بەسەر شیعری ڕۆژهەڵاتییەوە لەو قۆناغەدا، پێموایە کە ئەو کاریگەرییە لەمیانەی دەقە شیعرییەکاندا کۆبووەتەوە و تەنها شاعیرانیش ئاگاداری بوونو پێڕەویان کردووە، کە گەیشتە ئەو ڕادەیەی ((بەها ڕەخنەییە نوێیەکانی شیعریشی گرتەوە، بەتایبەت پێناسەی شیعر، سروشتی شیعر، واتای شیعر، لەڕووی ئەوەوە کە دەربڕینی هەستوسۆزە، ئەی کەواتە یەکێتیی هۆنراوە مانای چییە؟ بەڵام ئەبێت ئەوە لەیاد نەکەین، کە ئامادەیی خودی (ذاتي) بۆ نوێکاری لەڕووی ڕۆحی شیعروئەزموونو واتاوە گەلێك گرنگە))[35].

تێگەیشتنی ئەو جۆرە چەمکانەش، پێویستیی بە چەند هەنگاوێك هەیە کە بگیرێتەبەر سەبارەت بە دەستنیشان کردنی ڕەهەندەکانی شیعر، بۆ چوونە ناوەوەی مەودایەکی فراوانەوە، کە لە گونجاندنی هەنگاو بە هەنگاوی شیعر لەڕووی پیادەکردنی ڕەگەزەکانی بنیاتەوە هاوتەباییەك هەبێت، بۆگەیشتن بەخاڵی گونجاندنیش، کۆمەڵێك هۆکار هەن، یەکێك لەوانە کراوەیی ئەقڵییەتی شاعیرە سەبارەت بە ئەزموونە شیعرییە مرۆڤایەتییەکان .

## پەیوەندیی بنیاتی شیعر بە یەکێتیی شیعرەوە

ڕەخنەگران هەر لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە، چەند تێگەیشتنێکیان دەربارەی پێویست بوونی یەکگرتوویی‌و گونجاندنی نێوان بەشەکانی شیعر هەیە،کە ((نوێنەرایەتی سروشتی ئەزموونی ویژدانیی شاعیر دەکات. ئەوەش هیچ ناکۆکییەکی لەسەر نییە، چونکە یەکێتیی هۆنراوە بەڵگەیە لەسەر هەماهەنگیی نێوان بەشەکانی شیعر، کە بەهۆی ئەزموونی شیعرییەوە دەگاتە ئەو ئاستە))[36]. ناشێت بەشێوەیەکی گشتی، باسی بابەتی یەکێتیی ئۆرگانیزمی شیعر بکەین، هەروەها ناشێت باسی بەها ڕەخنەییە بۆماوەییەکان بکەین، کە ئایا ئەوە ڕێگای بۆیەکێتیی شیعر خۆشکردووە یان نا ؟، چونکە ((ئەوە کارێکە لە دەرەوەی سنووری بابەتەکەیە، بەڵام ئەوەش ئاماژە بە دەمارگیریی ئەو تێڕوانینە نوێیانە دەکات، کە شیعرە بۆماوەییەکان ڕەت دەکەنەوە، کە ئامانجیان بەرکەنار کردنی چەمکی هەر جۆرە یەکێتییەك بووە))[37].

ئەگەر بووترێت، ئەو یەکێتییە بەربڵاوە لە شیعری ڕۆژئاواییدا بەتەواوەتی نابینرێت ((بەڵام لە زۆر لەو هۆنراوانەدا ئەبینرێن، کە گەشەیەکی دەروونی و ئۆرگانیزمیی پرۆتەواویان بەدەست هێناوە، لەمیانەی ئەزموونی بەرەو کامڵ بوون، ڕێچکەیەکی گرت))[38].

یەکێتیی ئۆرگانیزمی، یان یەکێتیی هۆنراوە لە بازنەیەکی تەسکدا جوغزی بۆکێشرا بێت، ئەو زاراوەیەش ئاماژەیە کە شیعری کۆن لەوجۆرە بابەتانە بێبەش نەبووە، بەڵام ئەوەی کە گومانی تێدا نییە، ئەوەیە کە بزووتنەوەی نوێخوازی - بەوەی کە بۆخاوەنەکانیان ڕەخسابوو، لە بەهرە وەرگرتنو بەدەستهێنانی بەها بۆماوەییەکانو هاوچەرخەکان - ڕۆڵێکی پۆزەتیڤیی بینی لە دەرخستنی بنیاتی هۆنراوەی نوێدا. وێرای ئەوەی کە بەرەو میتۆدێك دەیبرد تا ببێتە پێکهاتەیەکی شێوە گونجاوو تەواوکراو،یا هەرهیچ نەبێت نزیك لەوەوە ببێت))[39].

ئەوجۆرە گونجاوییەی، کە هۆنراوە ئەیگرێتەبەر

بریتییە لەوەی، کە بەرهەمی یەکێتیی ئۆرگانیزمی هاوساتی ئەوچرکە شیعرییانەیە ((کە تیایدا هەڵچوونەکان ئەبنە بەهایەکی دەربڕینی جوان، کەوێنەیەکی تەواو پێك دێنێت لە کۆمەڵێك وێنەی بەشکراو، ئەوەش پێکهێنانی یەکێتیی ئۆرگانیزمییە، لەبەر ئەوە لە یەکێتیی وێنە زیاتر نییەو یەکێتیی وێنەش یەکێتیی هەستە، یا زاڵبوونی یەك هەستە بەسەر هەموو هۆنراوەکەدا))[40].

بەپێی ئەو تێگەیشتنە، وێنەی تەواو یان گشتی، ئەبێ جێبەجێ کردنی هەڵچوونەکان بێت، کاتێك، کە لە کاتی هێمنیو دڵنیابووندا دووبارە ئەبێتەوە، ئەوەی کە ڕەخنەی نوێ ناوی لێ ناوە (یەکێتیی ئۆرگانیزمی) یا (یەکێتیی هەست) یان (یەکێتیی هونەری)، وەکو زاراوە یەك چەشنە هەڵچوونی گونجاوی هەیە، هەروەها زاڵیشە بەسەر پرۆسەی خوڵقاندنی هونەریدا))[41].

هەروەها لە سایەی هەڵچوونێکەوە، یاخود سۆزێکەوە، گۆڕانێك لە بەربەرەڵڵاییەوە بۆ سیستەمێك، لە فرەییەوە بۆ یەکێتیی ڕوو ئەدات، لەنێوان ئەو یەکگرتنە ئۆرگانیزمییەوە، لەو میانەیەشەوە هەموو تۆڕی پەیوەندییەکان گەشە دەکات و ((لە پاشاندا ئەبێتە مەبەستێك، لەوەشدا کاریگەرییەکی یەکگرتووی ئەبێت، کە هۆنراوە لەناخی خوێنەردا ئەیهێنێتە کایەوە))[42].

ئەگەر ئەم چەمکەی سەرەوە ئاماژە بەکاملیی دەروونی بکات لەهۆنراوەدا، کەواتە شاعیرە ویژدانییەکان لەبنیاتی هۆنراوەکانیاندا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو کێشەیە دەکەن؟. پێش ئەوەی شارەزای ئەو مامەڵە کردنە بین لەگەڵ ئەو یەکگرتنەوەیەی، کە ئەبێتە هۆی گەشەکردنی پێکهاتەیی بۆ هۆنراوەی ویژدانیی، بۆیە ئەبێت سنوورێك لەنێوان یەکێتیی ئۆرگانیزمیی لە هۆنراوە ویژدانییەکان و شیعری شانۆیی یا داستانی هەبێت.

لەبەر ئەوەی ئەو دوو چەشنە شیعرەش بەتەواوەتی پشت بەو یەکێتییە ئەبەستن لەمیانەی ئەو پیاهەڵدانەی، کە بنیاتی شیعرییان پەیوەندە بە یەك لە دوای یەکیی ڕووداوەکان و گواستنەوەی دیمەنێك یان ڕووداوێك، لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، واتا بە داکۆکی کردن و کەمکردنەوەی کاری هونەریی و لادان لە پایە سەرەکییەکان، کە لەسەر ئەو بنەمایەوە دروست دەبێت. دواتریش بێوبوونەوەی یەکێتیی ئۆرگانیزمی و لێکترازانی، هەروەها هاوشێوەی ئەو یەکێتییە لە هۆنراوەی ویژدانی دا، کە لە شێوازی گێرانەوەی چیرۆکییە، کە لەمیانەی گفتوگۆیەکەوە لە چوارچێوەی یەکێتیی کاری شیعریی شانۆیی یا داستانیدا بەرجەستە دەبێت. هەروەها لەبەرئەوەی زۆر ڕەق ئەبین کاتێ داوا لەشاعیر بکەین ((بەوشێوە یەکێتییە ناکرێت پێش یا دوا بخرێت))[43].

چونکە هۆنراوەی ویژدانی، لە بناغەوە بەندە لەسەر ((ویستەکانی هەستو هۆش لە ناوەڕۆکێکی داخراوی دیاریکراودا))[44]، ئەوەش مانای وایە، کە یەك لەدوایەکی هەستو هۆشەکانمان بیرۆکەیەکی دەقاودەق نییە، بەشێوەیەك ئەگەر دێڕێك یا دوو دێڕی هۆنراوەیەك لابەرین، ئەو پەیوەندییە نەمێنێت، یا ئەو بنچینانە داڕووخێت، کە هۆنراوەکەی لەسەر بەندکراوە.

دەق لە فۆرمە گشتییەکانیدا، لەسەر شێوەی هۆنراوەیی ناسراو دەڕوات، واتا بە یەك کێشو یەکێتیی سەروا دەست پێدەکات ((شاعیریش ئەتوانێت لە ئەزموونە شیعرییەکەی خاوەن شێوازێکی یەکگرتوو بێت، هەر ئەوەشە کە بووەتە بەهایەك بۆ دەربڕین، کە لەمیانەیەوە شاعیر خەمێك دەربڕێت، کە بەرهەمی ئەزموونێکی بێبەشییە لە سۆز. واتا ئەو بێبەشییە خستوویەتییە نێو یەکێتییەکەوە، بە مەبەستی ئەنجامدانی کارێك یان فاکتەرێکی تەبا بۆ فێربوون))[45].

بنیاتی پەیوەندییە هونەرییەکان لەسەر ئاستی زاراوە و ڕستەو ڕیتمو پێکەوە گونجان لەنێوان بەشەکانی هەر ئەزموونێك، زنجیرەیەکی یەك لەدوای یەکە، کە سەرەرای وێنە وابەستەییەکان، ڕۆڵێکی کاریگەریی هەیە لە ڕێگا خۆشکردنو پێکەوە گرێدانو بەرجەستە کردنی سەرجەم بەشەکانی هەر دەقێك.

((لەبەر ئەو هۆیەشە، کە فۆرمە کۆنەکە شێوەیەکی تازە وەردەگرێت، کە لەگەڵ ئەزموونی شیعردا تێکەڵاوییەکی باش دروست دەکات. ئەوەش ئەکەوێتە نێو بازنەی شێوە تازەکەو ئاوێتە بوونی وێنە نوێیەکان، کە یەکێتییەکە ئەخاتە بەر هەڵچوونێکەوە، لەوەشدا وێنەکە جۆرێك لە گۆشەگیریی، لەناخی ڕۆحدا بێودەکاتەوەو دڵنیاشی دەکات، هەروەکو چۆن ڕاڕاییو دڵەڕاوکێ دروست دەکات.بەتایبەتی لە وێنەی دەقی کۆتاییدا بۆشاییەك دروست دەبێت، یان جۆرێ لە دڵەڕاوکێ و سەرسوڕمان لە پێکەوە نووساندنی بەشەکانی دەقدا دێتە کایەوە))[46].

لەو پێکەوە نووساندنەوەش، بەشەکانی وێنەکە پەیوەندیی بە جمووجوڵەیەکی ئاماژە پێکردنەوە دەبێت، کە لە نێوان گرتنو نەماندا ئەجووڵێتەوە، هەروەها بزاڤی بەرجەستەکردنی پرۆسەی دەقیش ((بەشدارە لەچڕکردنەوەی ورووژێنەرە هەڵچووەکاندا،ئەوانەی کە ڕۆڵێکی ئاشکرایان هەیە لە پڕکردنەوەی فۆرمەکەو زیندوو هێشتنەوەی لە ناخەوە، پاشان توانای شاعیر لە

گواستنەوەی هەڵچوون بۆ ئەزموونی تەعبیرێکی جوان ئەخاتە ڕوو))[47].

لەمیانەی ئەو ڕێچکە گونجاوەدا، بە بەراورد لەگەڵ ئەزموونی ویژدانیدا، هەندێك لە شاعیران توانیویانە بنیاتێکی یەکگرتوو لە هۆنراوەکانیاندا جێبەجێ بکەن، کە ناخی خۆیان دەردەبڕن، لەوەشدا پشت بە بناغەی دەروونیی ئەزموونەکە ئەبەستن، بەوەی کە بنیاتێکی ناسك و سۆزدار دروست دەکات.[48] سەرەڕای بوونی یەکێتیی هەستو ڕێڕەوی ویژدانیی ڕاستگۆ لەو دەقانەدا، کەچی هەندێك لە شاعیران جیاوازن لە ئەزمونەکانیاندا، بەڕادەی جیاوازیی بەهرەو توانا هونەرییەکانو پابەندبوونیان بە کلتوری شیعرەوە، یاخود ئایا چەند ئاگاداری ئەزموونە شیعرییە نوێیەکانن ((هەندێك جار شاعیرێك هەر لە پشت فۆرمە کۆنەکانەوە دەقێك پێشکەش دەکات، بێئەوەی شتێکی بەمانا پێشکەش بکات،جگە لە دەقێکی بێ سوود، کە تەنها لە بازنەی (کێش )ی شیعریدا ئەسووڕێتەوە، کەواتە ئەو دەقە هیچ چێژێکی نابێت، بەڵام هیچ بەڵگەیەکیش نییە ئاماژە بەوەبکات، کە شـــــــاعیران کەرەستەی شیعرییان نییە، بۆ ئەوەی بتوانن هەستی سایکۆلۆژیی خۆیان بکەن بە شیعر))[49].

هەندێك لەو شاعیرانە توانایان بەسەر زمانی شیعریدا هەیە، کە لە بنیاتی شیعردا، لەسەر ڕێچکەو ڕیتمی شاعیرە کۆنەکان دەقەکانیان دەنووسنەوە ((بۆیە ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەزموونە شیعرییەکانی پێش خۆیان هاوپەیوەندن، ئەو ئەزموونەش کاریگەرییەکی پۆزەتیڤیی لە ویژدانی شاعیردا ئەبێت، هەروەها ئاماژە بە چارەسەریی کێشەیەك ئەکات، کە لە ڕابردوودا ڕوویداوەو لێی دڵنیاشە))[50].

لەو ڕوانگەیەوە شاعیر پەنا ئەباتە بەر سیستەمی برگە ((کە بنیاتێکی تیایە و لەسەر بناغەی جووڵەیەکەوە زەمەنێکیشی تیدایە، ئەو بناغەیەی کە لەسەر بناغەی ئاڵۆزی یا ئاوێتەیی دەقەکە هیچ وێنەیەکی تێدا گەشە ناکات، هەروەها خوێنەر هەست بەجۆرە پەیوەندییەکی زنجیرەیی لەنێوان وێنەکاندا دەکات))[51].

بنیاتی گشتگیریی وێنە لە شیعردا، بەندە بە وێنە بەش بەشە برگەییەکانی دەقەوە، کە بنیاتێکی زنجیرەیی پێکەوە بەستراو بەیەکەوە دروست دەکات، ئاماژە بەوەش ئەکات کە لەبیرۆکەیەکەوە یەکسەر بۆ بیرۆکەیەکی تر ناڕوات.

چەشنێکی تر لەبنیاتی هۆنراوە لە شیعرە ویژدانییەکاندا ئەوەیە، کە شیعری قافیە گۆڕاو لەهەر برگەیەکدا لە دوو دێردا بەرجەستە دەبێت ((شاعیران لەو جۆرە شیعرانەدا،گونجاندنێکی هاوتەبا لەنێوان بەشەکانی وێنەکاندا دروست ئەکەن، لەوانەیە ئەو جووڵە ناوخۆییە ڕەگەزێك بێت، کە ببێتە هۆی دروستکردنی پەیوەستێك لەنێوان بەها هەڵچووەکانو شێوازی تەعبیر کردن لە دەقەکە))[52].

ئەو ئازادییە ڕێژەییەی کە لە بنیاتی شیعریدا لەڕووی (سەروای جۆراوجۆر و بەکارهێنانی کێشی هەمەڕەنگ) فەراهەم دەبێت و بوار بە شاعیر ئەدات، کە بوارێکی فروانتری هەبێت بۆ تەعبیرکردن لە ئەزموونەکەی.

شیعری سەربەست، کە لەسەر بناغەی (الشطر) نەك (البیت)و سەروای هەمەڕەنگ دروست دەبێت، دەقی سەرکەوتووش وابەستەیە بە فەراهەم کردنی دەروونیو گەشەی هزری شاعیرەوە، بەڵام تێڕوانینی یەك لایەنی وا ئەخوازێت، هەندێك جار شاعیر خۆی لە بازنە گەورەکەی پێگیری کردن بە مەرجەکانی بنیاتی شیعری ڕزگار بکات.

هەروەها جۆرێك لە بنیاتی برگەییش هەیە، کە گونجان لە نێوان بەشەکانیدا نییە، «سەییاب» دەڵێت : ((سەروای یەکگرتوو بەربەستێکە لە ڕێگای دروستبوونی یەکێتیی بابەت لە شیعردا، کەچی ئەوەش تێڕوانینێکی یەك لایەنەو زیادەڕۆییە بەرامبەر بەو شیعرانەی کە لە چوارچێوەی شێوازی کۆندایە))[53].

سەرەڕای ئەو سەربەستییەی، کە لە هۆنراوەی ئازاددا سەبارەت بە یەکێتیی هۆنراوە هەیە، کە ((پشت بە بەهرەی تاکەکەسیی شاعیر دەبەستێت، هەروەها پەیوەندییەکی تەواوی بە ئەزموونەکانی شاعیریشەوە هەیە، لەو حاڵەتەشدا پێویستە جۆرە هەڵچوونێك لە سۆزی شاعیردا هەبێت))[54].

لەو ڕوانگەیەوە ڕەگەزەکانی بنیاتی هونەری ((هەمان بەشەکانی پێکهاتەی شیعرەو ناتوانرێت بە شێوەیەکی جیا لە شیعر بخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوەوە، چونکە لە گۆشەنیگایەکەوە ئەبێتە هۆی لێکدابڕانی پێکهاتەکانی دەقی شیعریی، کەواتە تێڕوانینی تاکرەهەندی بۆ بنیاتی تەکنیکیی دەقەکەیە))[55].

**بنیاتی شیعر**

ڕەهایی بنیاتی شیعر لەڕوانگەی کۆمەڵە دەنگ و بۆچوونێکەوە، وا دەخوازێت کە بواری کارەکەی لەڕووی چۆنێتیی گێڕانەوەوە فراوانتر ببێتەوە، گوتاری شیعریش لە هەر کارێکی ئەدەبیدا، بە چەند پلەو ڕێگایەکی جیاجیا تێدەپەڕێت و توانایەکی جەوهەریشی پێ دەبەخشێت.

ئەو بۆچوونە زیاتر لە چیرۆکدا دەردەکەوێت، وەك لە شیعردا بەرجەستە بێت، بەڵام ئەوەش یەکێکە لە دیاردەکانی گوتاری شیعریی، گوتاری ئەدەبییش،

ئەگەر شیعریی یاخود گێڕانەوەیی بێت، بەرەو ئەنجامی خستنەڕووی واتاو دەربڕینێك بەردەوامیی بە فۆرمێك ئەدات، لەمیانەی دۆخی گێڕانەوەییدا.

لەبەر ڕۆشنایی بۆچوونەكانی (باختین)، حاڵەتەكانی جیاوازی نێوان چیرۆكو شیعر لەپێكهاتەی گێڕانەوەیدا (السرد) بە دیار دەكەوێت، لەو حاڵەتەشدا ئەكرێ تێبینی ئەمانە بكرێ[56]:

**یەكەم**: شێوازی دیالۆگ و گێڕانەوە لە هەموو ڕەگەزە شیعرییەكاندا بە شیعریشەوە سیمایەكی بەرجەستەییە.

**دووەم**: دارشتنی مۆنۆلۆگ لە نێو گوتاری شیعریدا بەرجەستە دەبێت و لەبەرامبەردا دارشتنی دیالۆگ لە ڕۆماندا یەكێكە لەدیاردەكانی شێوازی پەخشانی و لەگەڵ پێكهاتەی ئەدەبیی تایبەتدا ئەگونجێت.

**سێیەم**: شاعیر زمانی شیعریی وەكو دەبڕینێك بەرجەستە دەكات، بێ ئەوەی مەبەستی پێ بێتو زمانی دەقی شیعریی داهێنراویش لە ژێر دەسەلاتی خۆی و لەگەڵ بەرهەمە شیعرییەكەیدا ئەگونجێنێت، لەو ڕوانگەیەوە شیعر ((لەنێو زنجیرە شەپۆلێكلی شعورییەوە بەشەكانی بەیەكەوە گرێ دەدرێن)).

**چوارەم**: شاعیر لەمیانەی چەند زاراوەیەكی داخراوەوە دەستەمۆی دیالۆگە ناوخۆییەكانی دەقی شیعرییە، بەلام هەرچۆنێك بێت ئەو هێماو ئاماژانەی لەمیانەی هەر گوتارێكی شیعرییەوە دەردەكەوێت، هەمەڕەنگ و فرە فۆرمە.

**پێنجەم**: گوتاری شیعریی بەردەوامی كۆمەلایەتی ئەخاتەڕوو، بەلام چیرۆك مەبەستە كۆمەلایەتییەكانی كەسانی تر بەرجەستە دەكات.

كاتێك كە ڕەخنەگر لە پەیوەندیی نێوان شیعرو شێوازی گێڕانەوە ئەكۆلێتەوە، هەروەها چۆنێتیی گێڕانەوە لە هۆنراوەو شێوەكانی بنیاتە هونەرییەكەی وەردەگرێت، لەو حاڵەتەشدا پێویستیی بە لێكۆلینەوەیەكی ورد هەیە سەبارەت بە خولیای شیعریی شاعیر، پاشان بۆچوونەكانی خۆی سەبارەت بە كاتو شوێن دەستنیشان دەكات.

ڕوانینو شێواز لە بابەتەكانی شیعریی گێڕانەوەدا بەپێی پێكهاتەو دارشتنی دەقەكەو بزاڤی گێڕانەوەكە تیایدا جۆراوجۆرە، چونكە ئاستی گونجاندن لەنێوان واتای دەقەكەو گێڕانەوەكەیدا دردەكەوێت، هەروەها لەمیانەی دیالۆگی هۆنراوەكەوە هەڵ ئەقوولێت.كاتێك شاعیر جارێك خۆی قسەئەكاتو جارێكی تریش كەسێكی ناوەكی درێژە بە دیالۆگەكە ئەدات، زۆرجار ((بنیاتی هونەریی هەر دەقێكی شیعریی، هەندێك دیاردەی تێدا دەردەكەوێت، كە لە زۆربەی گۆڕانكارییە ستراكچەرییەكانی دەقدا، دەبنە بەشێكی گرنگ لە دەقەكە))[58]. لەناو دەقی گێڕانەوەدا بزاڤی كەسایەتییەكان بە شێوەیەك دەردەكەوێت، كە وەكو یاریدەدەرێك ئەبێت بۆ دەرخستنی ڕەوتی ڕووداوەكان، لەگەڵ پیادەكردنی هەڵچوونە ویژدانییەكاندا، بەتایبەتی لەهۆنراوەی ویژدانیدا كە ئەدگارێكی درامیی تێدایە، هەروەها شیعری چیرۆك ئامێزیش زمانێكی نزیك لە زمانی پەخشانی هەیەو یارمەتی دەقنووسەكە ئەدات بەردەوامی بە گێڕانەوەكەی بدات. خوێنەریش لە كەشوهەوای شیعریی ویژدانیدا، وابەستەیە بەشیعرەوە و سەرنجەكانیشی چڕتر ئەكاتەوە، بەتایبەتی ئەگەر شاعیر توانی هاوسەنگی لەنێوان یەكێتیی بابەت و ڕەگەزەكانی تری شیعردا بكات.

لەڕووی ڕیتم و وێنەكانیشەوە تواناكانی شاعیر لە گێڕانەوەدا دەردەكەوێت، ڕەخنەگران لەو بڕوایەدان، كە ((شیعر پەخشانێكی ناوەڕۆكییە و هێزێكیش لە شێوازی دەبڕینەكەیدا هەیە، هەروەها بڕوایان بە بێ هێزیی كاریگەریی پەخشانو میانڕەوی و توانای پەخشاننووس هەیە، لە سەر پیاهەڵدانو گێڕانەوەی ڕووداوەكان، بەلام ئەوە لەبەردەم هۆنراوەدا ڕێگر نییە، كە بنیاتی تەكنیكیی چیرۆك ئامێز لە خۆ بگرێت، وێڕای ئەوەی كە ئەو چوارچێوەیە دارێژێت وبیكات بە تەكنیكێك بۆ تێڕوانین، لە ڕوانگەی بەرجەستە كردنی بابەتەكان و پیادەكردنی هزرو بیری كەسایەتیی خۆی بە ڕووی لایەنەكانی گێڕانەوەوە.

(نازك الملائكة) لە ڕیزبەندی شێوەكانی هۆنراوەدا، سێ جۆر بنیات دەستنیشان دەكات:

1– تەخت (السطحي).

2 – قوچكەیی (هرمي).

3 – زەینی (ذهني).

بە تەنها شێوە هەرەمییەكە پشت بەجووڵەو كاتو خاڵی نێوەندی كردارەكانی دەقی شیعری ئەبەستێت، كەچی هەر دوو جۆرەكەی تر، بوارێكی سەربەخۆیان هەیە لە دەقدا،بۆیە پێویستە (كردارێك) یان هەر (ڕووداوێك )ی تر لە چوارچێوەی دەقی شیعریدا هەبێت، نەوەك بە تەنها شتێكی بێگیانوچەقبەستوو بێت، واتە بەشێك لە فەزایەكی زمانەوانیدا بگرێت، لەچوارچێوەی ئەو فەزایەوە ڕووداوەكان و شتەكان جووڵە دەكەن))[59].

«جیرار جینیت» جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە، كە ((هەموو هۆنراوەیەك وەكو گێڕانەوە ڕووداوەكانی پێشوو یا ئێستا یا هی دوارۆژە، كە بە شێوازێكی تەكنیكییانە دەگێردرێتەوە، گێڕانەوەكەش سێ شێوازی هەیە :

**یەك**: گێڕانەوەی تاك.

**دوو**: ئاماژە كردن بە گفتوگۆیەك، كە لە شانۆدا ڕوودەدات.

سـێ: فۆرمی تێکەڵ، واتە بە یەکەوە گرێدانی گێڕانەوەی ڕووداوەکان بەگفتوگۆوە،هەر وەکو «هومیرۆس» لە دەقە شانۆییەکانیدا پیادەی کردووە))[60].

(د.حاتم الصطر) لەچیرۆکە شیعریدا تێبینی ئەوەی کردووە، کە جۆری واقیعو کەسایەتییەکانو لاوازیی دیالۆگەکان، ئەگەر لەسەر ئاستی کردارێك بێت، وەکو بنیاتی گشتی، یا لەسەر ئاستی پلان دانان، یا شێوازی دەستنیشان کردنی بە ئاگایی کەسایەتییەکانو پەیوەندییەکانیان بە یەکترو هەروەها پەیوەندیی ڕووداوێك بە ڕووداوێکی ترەوە بێت، کاریگەرییەکی نێگەتیڤیان بەسەر دەقەوە هەیە))[61].

ئەشێت بووترێت لەنووسینی چیرۆکی شیعریی، پێویست ناکات شاعیر هاوسەنگی لــــە نێوان چیرۆكو بنەماکانی شیعردا بکات، نەوەکو دەقــەکــەی بایەخــە شیعــرییەکــەی لــە دەست بدات، کە لەمیانەیەوە ڕەگەزەکانی گێڕانەوە، بە تەکنیکێکی شیعرییەوە پیادە بکات، لەو ڕوانگەیەوە دەبێت ئەگەری گێڕانەوە هەبێت لەناوشیعردا.

(د. محمد القاضي) داکۆکی لە سەر ئەوە ئەکات ((کە بەیەك گەیاندنو نزیك بوونەوە لەنێوان شیعرو گێڕانەوە، کردارێکی زۆر کۆنەو هەر لە کاتی سەرهەڵدانی (داستانەکان) گریکییەکانەوە بەرجەستە کراوە، لە پرۆسەی پیادە کردنی پێکهاتەکانی گێڕانەوە لە دەقی شیعریدا، شاعیر پێویستی بە بەهرەی چڕکردنەوەی بزاڤ و زاراوەکانی گێڕانەوە هەیە لە دەقدا وەکو ــ دیالۆگ و وەسفی دیمەنەکان و ڕیتمی شیعریی ــ))[62].

ناوەڕۆكو بابەتەکانی دەقیش ـ ئەوانەی کە وابەستەی دیوی ناوەوەی دەقن، پابەندن بە دیاردەی گێڕانەوە لەناو خودی دەقە شیعرییەکە، هەروەها تەکنیکی شیعرەکەش لە خودی خۆیدا بەرجەستە کردنی سیماکانی گێڕانەوەو بنەماکانێتی

**بنیاتی پێکهاتەیی شیعر**

(فردیناند دوسۆسێر) ی دامەزرێنەری زانستی زمانەوانیی نوێ، بەڕوونی بابەتی زمانیی لە دوو جەمسەردا لەیەك جیاکردووەتەوە، کە زمان لەمیانەیدا ڕۆڵی خۆی وەکو میکانیزمای گێڕانەوە دەبینێت، کە لەمیانەی ئەم هاوکێشەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت[63]:

ئاخاوتن زمـــان شتەکان

گێڕانەوە

بەو شێوەیە زمان بوو بەباتێك بۆ زانستی دەقناسی، بەهۆی دابڕانییەوە لە ڕووی میتۆدەوە لە دوو جەمسەری تیۆری و پراکتیکی، لەو میانەیەوە (دوسۆسێر) سەرلەنوێ شێوەکانی دەربڕینی زمانی لەچوارچێوەی دەقەوە لە دوو مانای سەرەکیدا دەستنیشان کردووە :

**یەك**: ئاخافتنکەر لە ڕێگای زمانەوە مەبەستەکانی دەردەبڕێت.

**دوو**: زمان دەربڕینە لە دیاردەکانی گێڕانەوە.

ڕەخنەی نوێ کە کاریگەریی ڕێبازی بوونیادگەریی لەسەرە، لەو بوارەشدا «دو سۆسێر» تیۆرێکی نوێی بۆ بنیاتی پێکهاتەکانی دەق فەراهەم کردووە، هەر دەقێکی ئەدەبی کە نووسەرەکەی لە چوارچێوەی زمانێکی شیعریدا، دەقەکانی ئەنووسێتەوە.

ئاشکرایە بوونیاتگەری بوارێکی پێشکەوتووی لە بواری بابەتگەرایی پیادە کردووە، لە ئاستی وشە بەکارهاتووەکان و ئەو کردارانەی بە مەبەستی ڕووخاندنی (خەیاڵی ئەدەبی)، لەو ڕوانگەیەوە وەکو چالاکییەك، کردارەکانی دەقنووسی یەکەیەکی تەواوە لە چوارچێوەی زماندا.

(( فۆرمالیستە ڕوسییەکان (بارت، بریۆن، تۆدۆرۆڤ، پرۆپ، شکلۆفسکی... هتد)، لە زانستی سیمۆلۆژیادا، بە شێوەیەکی ڕوونتر باسی ئەرکی زمانیان کردووە))[64].

پاشان ڕەخنەگرانی ئەدەبی نوێ، لە لێکۆڵینەوەکانیاندا باسی ڕەتکردنەوەی (خەیاڵی ئەدەبی) یان کردووە، لە بواری کردارە وەسفییەکاندا، کە هەتا ڕۆژگاری ئێستا ئەو لێکۆڵینەوانە لە بواری زمانناسی و ئەدەبدا کاریگەرییەکی باشیان هەیە.

بە پێی بۆچوونی (لۆسیان گۆڵدمان)، لە گۆشەنیگای ئەو دوو بنەمایەوە ((میتۆدی بونیادگەری پێکهاتوویی، بانگەشەی وەرچەرخانێکی گەورەی کرد لەبواری میتۆدەکانی سۆسیۆلۆجیای ئەدەب، هەروەك گۆڵدمانیش جەختی لەسەر دەکات، جۆرج لۆکاش یەکەمین دەستپێشخەر بووە لەم بوارەدا))[65].

بەکارهێنانی مانای بنیات لە ئەدەبدا، بە شێوازە نوێیەکەی بەپێی بۆچوونی زمانناسیی بواری ئەدەبیی، کارێکی زۆر ئاساییە، لەبەر ئەوەی هەموو کردارێکی بەرجەستە کردنی زمانی شیعریی لە دەقی ئەدەبیدا، بریتییە لە کرداری گواستنەوەی بابەتەکانی وەکو (زمانەوانی، هزر، ئایدۆلۆژیا، فەلسەفە... هتد) لە بۆتەی سیستەمێکی واتاداردا.بەڵام لە سەرەتای هەر دەقێکدا، خوێنەر نازانێت چ جۆرە بنیاتێك لە دەقەکەدا بەکارهاتووە،، بەڵام لەنێوان تێکەڵیی وشەکانەوە دەزانرێت، کە چی جۆرە بنیاتێك بەکارهاتووە بۆ نمونە پەیڤەکانی (سووتان، گەرما، تەقینەوە، کڵپە، سووربوونەوە، بڵێسە، گڕ)دا، لەڕووی پێکهاتەو بابەتی شیعرەوە، بەردەوامیی بابەتی ئاگر

پیشان ئەدات، کە هەر لە نمونەکەیدا دیارە، ئەگەر لە ڕەگی وشەکان بکۆڵیینەوە، ئەوا خانەیەکی ترمان لەلا دروست دەبێت، کە تەواو پێچەوانەی خانەی یەکەمە، بۆ نمونە: (باران، ئاونگ، نمە، جۆگای ئاو، کانی)، کە دەچێتە نێو خانەی ئاوەوە.

بەو شێوەیە شیکردنەوەی بەشەکانی هەر دەقێك، پێکهاتەو بابەتەکانی دەردەخات.هەروەها ئەوانەی وەکو یەك دەبنو هاودژی یەکتریشن، هەر لە چوارچێوەی یەك سیستەمن.

**پەراوێزەکان:**

1.مرشد الزبيدي، بناء القصيدة الفني في االنقد العربي القديم والمعاصر، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، 1994، ص5.

2.پەرێز سابیر محەمەد، بینای هونەریی چیرۆکی کوردی، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم-سلێمانی، 2001، ل9.

3.س. رافيندران، البنيوية والتفكيك، ترجمة خالد حامد، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، 2002، ص15.

4. مرشد الزبيدي، بناء القصيدة الفني في االنقد العربي القديم والحديث، ص11.

5.صلاح فضل، نظرية البنائية في النقد الادبي، بغداد، 1987، ص175.

6.ابن منظور، لسان العرب، اعتنى به أمين محمد عبدالوهاب ومحمد صادق العبيدي، ط(3)، دار احياء التراث العربي، بيروت (د. ت) ص511.

7. پەرێز سابیر محەمەد، بینای هونەریی لە چیرۆکی کوردیدا، ل10.

8. س. رافيندران، البنيوية والتفكيك، ص19.

9. صلاح فضل، نظرية البنائية، ص175.

10.ابن قتيبة، الشعر والشعراء، ج1، القاهيرة، 1958، ص94.

11.ابن طباطبا العلوي، عيار الشعر، بيروت، 1982، ص11.

12.الامدی، الموازنة، نشرها محمود توفيق، القاهرة، 1944، ص261. الحاتمي، حلية المحاضرة، ج1، بغداد، 1979، ص226.

13.ابن رشيق القيرواني، العمدة، ج1، القاهرة، 1955، ص261.

14.بڕوانە: عبد القاهر الجرجاني، دلائل الاعجاز، القاهرة، 1969، ص197.

15. صلاح فضل، نظرية البنائية، ص206.

16. پەرێز سابیر محەمەد، بینای هونەریی لە چیرۆکی کوردیدا، ل9.

17.مرشد الزبيدي، بناء القصيدة الفني في االنقد العربي القديم والحديث، ص17.

18.د.دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، سلێمانی، 1998، ل31.

19.عوسمان یاسین، بونیادگەری پێکهاتوویی (میتۆدی لۆسیان گۆڵدمان)، چاپی یەکەم، هەولێر، 1999، ل10.

20.د. محمد غنيمي هلال، دراسات ونماذج في مذاهب الشعر ونقده، دار النهضة، قاهرة، (د. ت)، ص32.

21.د. محمد غنيمي هلال، دراسات ونماذج في مذاهب الشعر ونقده، ص33.

22.سەرچاوەی پێشوو، ل33.

23.سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

24.د. نعيم اليافي، اوهاج الحداثة، اتحاد الكتاب العرب، دمشق 1993، ص19.

25.فاضل ثامر، الصوت الاخر–جوهر الحواري للخطاب الادبي–دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، 1992، ص225.

26.د. حسين خمري، بنية الخطاب النقدي، الطبعة الاولى، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، 1998، ص88.

27.دليلة مرسلي واخرين–مدخل الى التحليل البنيوي للنصوص– دار الحداثة، لبنان، ص16.

28.عائد خصباك، الشعر العربي في نهايات القرن العشرين، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، 1989، ص388.

29. عائد خصباك، الشعر العربي في نهايات القرن العشرين، ص391.

30.محمد احمد فتوح، تحليل النص الشعري، الطبعة الاولى، النادي الادبي الثقافي–جدة، 1999، ص155.

31.ر. جاكوبسون، شعرية القواعد وقواعد الشعر، دراسة في كتاب (Poeties) فن الشعر الصادر في وارشو، 1961، ص405–403.
32.محمد احمد فتوح، تحليل النص الشعري، ص221–220.
33.د. عزالدين اسماعيل، الاسس الجمالية في النقد الادبي–عرض وتفسير ومقارنة، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، 1986، ص367.
34.د. عبدالكريم راضي جعفر، رماد الشعر–دراسة في البنية الموضوعية والفنية للشعر الوجداني الحديث في العراق، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، 1998، ص398.
35.د. عبدالكريم راضي جعفر، رماد الشعر، ص401.
36.هەمان سەرچاوە، ل402.
37.د. يوسف حسين بكار، بناء القصيدة العربية، دار الثقافية للطباعة والنشر، القاهرة، 1986، ص425.
38.د. عبدالكريم راضي جعفر، رماد الشعر، ص402.
39.د. عبدالكريم راضي جعفر، رماد الشعر، ص402.
40.د. محمد زكي العشماوي، قضايا النقد االادبي بين القديم والحديث، دار النهضة العربية، بيروت 1979، ص–110 .111
41.سەرچاوەی پێشوو، ل403.
42.د. مصطفى بدوي، دراسات في الشعر والمسرح، الطبعة الثانية، الهيئة المصرية العامة للكتاب، 1979، ص7.
43.د. محمد مندور، النقد والنقاد المعاصرون، دار القلم، بيروت، (د. ت)، ص118.
44.سەرچاوەی پێشوو، ل113.
45. د. عبدالكريم راضي جعفر، رماد الشعر، ص406.
46.سەرچاوەی پێشوو، ل409.
47.سەرچاوەی پێشوو، ل410-409.
48.سەرچاوەی پێشوو، ل410.
49.د. عبدالكريم راضي جعفر، رماد الشعر، ص410.
50.سەرچاوەی پێشوو، ل410.
51.سەرچاوەی پێشوو، ل412.
52.سەرچاوەی پێشوو، ل417.
53.خضر الولي، اراء في الشعر والقصة، دار المعرفة، بغداد، 1956، ص11.
54.د. عبدالكريم راضي جعفر، رماد الشعر، ص429.
55.مرشد الزبيدي، بناء القصيدة الفني في االنقد العربي القديم والمعاصر، ص59.
56.محمد صالح عبدالرضا، منوال المرسل والنسيج الحكائي– المنحى السردي بين الشعر والقصة2006–، موقع (طوطل)، ص5.
57.د. عبدالحميد جيدة، الاتجاهات الجديدة في الشعر العربي المعاصر، الطبعة الاولي، مؤسسة نوفل، بيروت–لبنان، 1980، ص325.
58.محمد صالح عبدالرضا، منوال المرسل والنسيج الحكائي، ص5.
59.محمد صالح عبدالرضا، منوال المرسل والنسيج الحكائي، ص6.
60.محمد صالح عبدالرضا، منوال المرسل والنسيج الحكائي، ص6.
61.محمد صالح عبدالرضا، منوال المرسل والنسيج الحكائي، ص7.
62.محمد صالح عبدالرضا، منوال المرسل والنسيج الحكائي، ص6.
63.دليلة مرسلى مع اخرين، مدخل الى التحليل البنيوي للنصوص، ص14.
64.دليلة مرسلى مع اخرين، مدخل الى التحليل البنيوي للنصوص، ص15.
65.عوسمان ياسين، بونيادطةري ثيَكهاتوويي (ميتؤدي لؤسيان طؤلَدمان)، ل11.